هێرۆ وەهاب

یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی:

# پێویستە گرنگی زیاتر به یاریزانە کچەکان بدرێت



کچانی شارەکانی کوردستان لە ئێستادا بەشێوەیەکی باشتر روو لە یارییەکانی بەرزکردنەوەی قورسایی دەکەن، جگە لەوەی کێبڕکێ بۆ بەدەستهێنانی پلەکانی یەکەم دەکەن، شارەکانی کوردستان لە پاڵ ئەوەی هۆڵەکانی لەشجوانیی تێدایە و ئافرەتانیش لە ئێستادا رێژەیەکی زۆر روو لە هۆڵەکان دەکەن، لە پاڵ لەشرێکیدا یاریی ئاسنیش دەکەن. هیرۆ وەهاب یەکێك لە کچە وەرزشکارەکانی شاری سلێمانییە، کە جگە لە یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی، یاریی تای بۆکسیش دەکات، لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا لەگەڵ هیچ یانەیەك یاریی نەکردووە، لە هەردوو یارییەکەشدا ئاست و ئەنجامی باشی تۆمارکردوە و، تەنیا لە هۆڵەکان خەریکی مەشق و راهێنانە، بۆ خۆئامادەکردن بۆ پاڵەوانێتییەکان و لە هۆڵی کوردستان سپۆرت یاری دەکات، هێرۆ لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٧ی شاری سلێمانییە و چاوی لەوەیە کە لە داهاتوودا وەکو راهێنەر خزمەت بە بواری وەرزشیی بکات، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیدار: کارزان کانەبی

***چۆن بوو یاریی بەرزکردنەوەی قورساییت هەڵبژارد؟**

-حەزێکی منداڵیم بوو کە ئەم یارییە هەڵبژێرم.

***هەست ناکەیت وەرزشیکی قورست هەڵبژاردوە؟**

- ئەم یارییە یارییەکی قورسە بۆ ئافرەتان، بەڵام من خەونێکم هەیە و خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزم.

*** دوو وەرزش لە یەك کاتدا ئەنجام دەدەیت، هەڵگرتنی قورسایی و ڕاهێنەری لەشڕێکی، لە کامەیاندا زیاتر سەرکەوتووتریت؟**

- هەردوو یارییەکە، بەڵام زیاتر هەڵگرتنی قورسایی، بۆیە هەوڵ دەدەم لە هەردوو یارییەکەدا سەرکەوتووبم.

***هەست ناکەیت ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان لە ئاستی کچاندا بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە ؟**

- ڕاستە، زۆر گرنگیی پێ نادرێت لە کوردستان و، یارمەتی دەر نییە بۆ ئەوەی لە هەردوو ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە بەرەوپێش بڕوات.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- بە شێوەیەکی گشتی تا ڕادەیەك باشە.

***چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- پێویستە گرنگیی زیاتر بە یاریزانە کچەکان بدرێت و یارمەتی یاریزانان بدرێت لە گشت ڕوویەکەوە، یاریزانی وا هەیە پێویستی بە یەك قوتووی پرۆتینە کە ناتوانی بیکرێت، بۆیە پێویستە پشتگیریی زیاتری یاریزانان بکرێت.

***بەرنامەی داهاتووت چییە؟**

-ئاواتەخوازم بتوانم کۆمەڵێ یاریزانی وەك خۆم دروست بکەم، بۆ ئەوەی زیاتر وەك ڕاهێنەریش کار لەسەر ئەم یاریزانانە بکەم و، بۆ داهاتوو دروستیان بکەم.

***بە نیاز نیت لە داهاتوودا لە پاڵەوانێتیی زیاتردا بەشداربیت؟**

- دەمەوێت تا پاڵەوانێتی هەبێت، من بەشداری بکەم و بتوانم بگەمە لوتکەی ئەم یارییە.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینن؟**

-گرفتی سەرەکیمان ئەوەیە کە ناتوانین بە دڵی خۆمان وەرزش بکەین و گرنگیی تەواومان پێی نادرێت، ئەوەش گرفتە بۆ ئێمەی یاریزان، کە گرنگیمان پێ نادرێت لە لایەن بەشێك لە مامۆستاکانمانەوە، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەندێکیان.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزان و ڕاهێنەرێك؟**

- هیوادارم بتوانم ببمە ڕاهێنەرێکی گەورە و، هەموو کەشێکی وەرزشی دروست بکەم بۆ یاریزانان.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

- خێزانەکەم تا ڕادەیەکی زۆر باش هاوکار و پاڵپشتن بۆ وەرزشکردنم.

*** بەنیاز نیت تیپێکی کچان لە شاری سلێمانی دروست بکەیت؟**

- بەڵێ، بەرنامەم هەیە، ئەگەر لە ڕووی ماددییەوە گرنگیمان پێ بدرێت.

*** دەتەوێت چی بڵێیت لە کۆتایدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەم شێوەیە گرنگی بە وەرزشکارانی کوردستان دەدات، زۆر سوپاس بۆ مامۆستاکانم کە بەردەوام هاوکارمن.



# دۆنارۆما چووە پاریس سانت جێرمان

یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی، بە فەرمی پەیوەندیکردنی جیانلویجی دۆنارۆمای گۆڵپارێزی پێشووی ئەیسی میلانی ڕاگەیاند.

ماڵپەری پاریس سانت جێرمان ئاشکرایکرد: دۆنارۆما بۆ ماوەی ٥ ساڵ گرێبەستی لەگەڵ یانەی پاریس سانت جێرمان واژۆکردووە، کە ماوەی گرێبەستەکەی تاوەکو هاوینی ٢٠٢٦ بەردەوام دەبێت.

دۆنارۆما بێبەرانبەر پەیوەندی بە یانە فەرەنسییەکە کرد، دوای ئەوەی ماوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەیسی میلانی ئیتاڵی بەسەرچوو، بەگوێرەی میدیای ئیتاڵی دۆنارۆما ساڵانەی ١٢ ملیۆن یۆرۆ وەکو مووچە وەردەگرێت، لەگەڵ کۆمەڵێک پاداشت، کە بەپێی دەستکەوتەکانی یانەکە دەستنیشانکراوە.

گۆڵپارێزە تەمەن ٢٢ساڵییەکە دەبێتە چوارەم گرێبەستی میرکاتۆی هاوینەی یانەی پاریس، دوای ئەوەی هەریەکە لە جۆرجینۆ ڤینالدۆم، ئەشرەف حەکیمی و سێرجیۆ رامۆس پەیوەندییان بە یانەکەوە کرد.



# سەرۆکی ریال مەدرید تووش

بەشێکی دیکە لە تۆمارە دەنگییەکانی فلۆرێنتینۆ پێرێزی سەرۆکی ریال مەدرید بڵاوکرایەوە، دوای ئەوەی لە بەشی یەکەم بە ناوهێنان و ڕەخنەگرتن لە کاسیاس و رائول دەنگدانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە، ئەمجارەیان پێرێز هێرش دەکاتە سەر کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ڤیسێنتی دێل بۆسکی، مۆرینیۆ و فابیۆ کوێنتراو.

له تۆمارێکی دەنگی یەکەم، کە ڕۆژنامەی (ئێل کۆنفیدینشاڵی) ئیسپانی بڵاوی کردووە، فلۆرێنتینۆ پێرێز دەڵێت: کاسیاس بە کەڵکی ریال مەدرید نایەت، راول گۆنزالێزیش واهەست دەکات ریال مەدرید موڵکی خۆیەتی، بۆتە بارگرانی بەسەر ریال مەدرید، جگە لەوەش رائول هۆکاربووە بۆ ئەوەی لە یانەکە بڕوات و واز لە سەرۆکایەتی شاهانەکان بهێنێت، بەتایبەتی ئەوکاتەی بووە هاوڕێی فیگۆ و هیێرۆ و بەیەکەوە ژووری جلگۆڕینی ریال مەدریدیان بەڕێوەبردووە.



## باشترین پێکهاتەی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا دەستنیشانکرا

یویفا بە فەرمی باشترین پێکهاتەی یۆرۆی ٢٠٢٠ی بڵاو کردەوە و کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە پێکهاتەکە نییە.
یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا پێکهاتەی باشترین یاریزانەکانی یۆرۆی ٢٠٢٠ـی بڵاوکردەوە، کە ئیتاڵیا توانی نازناوەکە بباتەوە پێنج یاریزانی لە پێکهاتەکەیە، دۆنارۆما کە بووە باشترین یاریزانی ئەم یۆرۆیە گۆڵپارێزی پێکهاتەی نمونەییە، سپینازۆلا و بۆنوچی لە هێڵی بەرگری و جۆرجینۆش لە ناوەڕاست و فیدریکۆ کیێزاش لە هێڵی هێرشبەرییە، ئینگلاندیش سێ یاریزانی لە باشترین پێکهاتە هاتووە، هەریەکە لە کایل والکەر و ماگوایر و رەحیم ستێرلینگ لە پێکهاتەکەدان.
هۆیبێرگی یاریزانی دانیمارک و پێدری یاریزانی لاوی ئیسپانیاش وەکو باشترین یاریزانی ناوەراست دیاریکراون و لوکاکۆش لەگەڵ ستێرلینگ و کیێزا سەرکردایەتی هێڵی هێرشبردن دەکات.
بەڵام کریستیانۆ رۆناڵدۆ هەرچەندە بە پێنج گۆڵ بووە گۆڵکاری یۆرۆی ٢٠٢٠ بەڵام ناوی لە پێکهاتەی نموونەیی نییە، بە هەمان شێوە هاری کەین هەرچەندە چوار گۆڵی کرد و هەڵبژاردەکەی گەیشتە یاریی کۆتایی، بەڵام لە پێکهاتەکە دانەنراوە.



## ژیلوان حەمەد

## گەڕایەوە خولی سوید

ژیلوان حەمەد، بە فەرمی خولی کرواتی جێهێشت و گەڕایەوە خولی نایابی سوید.
ژیلوان حەمەد یاریزانی پیشەگەری کورد بە فەرمی ریزەکانی یانەی گۆریتسکای کرواتی جێهێشت و دوای تەواوبوونی گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەم یانەیە بە فەرمی گەڕایەوە خولی نایابی سوید و گرێبەستی لەگەڵ یانەی ئۆرێبرۆی رکابەر لە خولی نایاب واژۆ کرد، گرێبەستەکەش بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو دەبێت.
پەیوەندیکردنی ژیلوان بە یانەی ئۆرێبرۆ لە کاتێکدایە ئەم یانەیە لەم وەرزەی خولی نایابی سوید دوای تێپەڕینی ١٠ گەڕ تەنیا ٢ یاری بردووەتەوە و حەوت خاڵی کۆکردووەتەوە لە خانەی کۆتایی ریزبەندی دەبینرێت.
ژیلوان پیشتریش لە خولی نایابی سوید یاریی بۆ ماڵمۆ و هاماربی کردووە جگە لە یاریکردن بۆ یانەکانی هۆفێنهایمی ئەڵمانی و ستاندەر لیگی بەلجیکی و ئینچیۆنی کۆری و دواجاریش لە ریزەکانی گۆریتسکا لە خولی نایابی کرواتیا یاریی کرد.

## ـــــــی گرفتێکی گەورە بووە

لە تۆماری دەنگی دووەم، پێریز وەسفی کریستیانۆ دەکات و دەڵێت: کریستیانۆ رۆناڵدۆ کەسێکی لەخۆباییە و تەنیا بە پەیداکردنی پارەوە خەریکە، پیاوێکی بەنازە و تەنیا ئامانجی ئەوەیە بە ریکلام و وێنەکان پارە کۆبکاتەوە، هەروەها لە وەسفی مۆرینهۆ لەو تۆماری دەنگییە دەڵێت مۆرینهۆ پیاوێکی شێت و بەنازە و بەدوای پارەوەیە، مۆرینهۆ پیاوێکی لەخۆبایی و بەنازە، هەروەها فابیۆ کوینتراو یاریزانێکی بێمێشکە، شوفێری دەکات بەبێ ئەوەی مۆڵەتی شوفێری هەبێت و زۆریش خۆی پێ گرینگە.
لە بەشێکی دیکەی قسەکانی، پێریز رەخنە لە ڤیسێنتی دێل بۆسکی راهێنەری پێشووی ریال مەدرید دەگرێت و دەڵێت: ڤیسێنتی دێلبۆسکی هیچ لە راهێنەرایەتی نازانێت و نازانێت توانای جەستەیی و تاکتیك چییە، کەچی دەیەوێت ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیاش، لە کاتێکدا ژووری جلگۆڕینی ریال مەدریدی پێ بەڕێوەناچێت و فێرناندۆ هیرۆ و رائول بەڕێوەی دەبەن.
ئەگەرچی ریال مەدرید لە بەیاننامەیەکی فەرمی رایگەیاند ئەو قسانەی پێرێز بۆچوونی کەسێتییە و لەکاتی تورەبوون و گفتوگۆ کردوویەتی، بەڵام هێشتا هەواڵەکان دەربارەی دەنگە تۆمارکراوەکەی فلۆرێنتینۆ پێرێزی سەرۆکی ریال مەدرید گەرمن و رۆژنامە ئیسپانییەکەش رۆژانە بەشێکی نوێ لە قسەکانی رابردووی پێرێز بڵاودەکاتەوە.
لەپاڵ ئەو قسانە پێرێز ستایشی دێڤید بێکهام و رۆناڵدۆی بەڕازیل دەکات و پێی وایە لەپاڵ زێدان سێ یاریزانی زۆر باشن و ساڵانە هەر یەکێکیان ٣٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ یانەکە دەهێنن هەر ئەوەش وایکردووە بە سەرکەوتوویان بزانێت.






# دلۆڤان محەممەد لە چەندین یانە داواکراوە

یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق هەمیشە چاویان لە یاریزانە ئەستێرەکانی کوردستانە، بۆ گواستنەوەیان بۆ ریزەکانیان و مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵیاندا، دلۆڤان محەممەد یەکێك لە گۆڵپارێزە بەتواناکانی کوردستان و عێراقە، ئەمساڵ لەگەڵ یانەی تەڵبەی شاری بەغدا گرێبەستی هەبووە، کە پێشتر لە ریزی یانەی زاخۆ بووە، بەر لە تەواوبوونی خولی نایابی یانەکانی عێراقی چەندین یانەی شارەکانی عێراقی داوای گرێبەستیان لێ کردوە بۆ وەرزی داهاتوو، لەم بارەشەوە دلۆڤان محەممەد گۆڵپارێزی کوردی ریزی یانەی تەڵبە، بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «یانەی تەڵبە یەکێکە لە یانە گەورەکانی عێراق، مێژوو و دەستکەوتی گەورەی تۆمارکردووە لە خولی عێراق لە ساڵانی پێشوو، وەکو گۆڵپارێزکی کورد زۆر ئاسوودەم لەگەڵ ئەو یانەیە و یەکێکم لە یاریزانە سەرەکییەکانی تیپەکە، ئەوەش جێگای شانازییە بۆمن»، لە بارەی هەبوونی گرێبەستی دیکەش دلۆڤان رایگەیاند: «پێش تەواو بوونی خولی عێراق، یانەی تەڵبە داوای نوێکردنەوەی گرێبەستی لێم کردووە، جگە لە تەڵبەش یانەیەکی جەماوەریی گەورەی عێراق داوای گرێبەستی لێم کردووە، ئەمە جگە لە دوو گرێبەستی دیکەیش لە یانەکانی بەشدار لە خولی نایابی عێراقی، کە لە ریزەکانی پێشەوەی خولەکەن، بەڵام من چاوەڕێ دەکەم تا خولی نایابی یانەکانی عێراق تەواو دەبێت، ئەوکات بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدەم لەسەر چارەنووسی وەرزی داهاتووم، لە بارەی یاریکردن لە بەغدادش وەکو یاریزانێکی کورد، هیچ گرفتێکم نییە، بە پێچەوانەوە زۆر رێز لەمن دەگرن و بە چاوی گەورەی وەرزشی سەیرم دەکەن»، لە بارەی یانەی زاخۆش کە کوڕی ئەو شارەیە گوتی: «یانەی زاخۆ کە بەشدارە لە خولی نایابی عێراق، داوایان لێم نەکردووە یارییان بۆ بکەم، سەبارەت بە یاری کردنیش بۆ یانەکانی دیکەی کوردستان، ئەگەر گرێبەستێك هەبێت لە یانەیەکی کوردستان، لەوانەیە رازی ببم و بۆ یاریکردن بگەڕێمەوە کوردستان.

# یانەی ئافرەتانی دهۆک یاریی

یانەی وەرزشیی ئافرەتانی دهۆك ماوەی زیاتر لە ساڵێکە دامەزراوە و، بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی شاری دهۆك و وەرزشی ئەو شارە، بۆ زیادکردنی تیپە جۆراوجۆرەکانی کچان لە یانەکەی بەرنامە و پلانی تۆکمەی هەیە، دەستەی کارگێڕیی یانەی ئافرەتانی دهۆك پلانی ئەوەیە تیپی زیاتر لە یانەکە زیاد بکات و، لە ئێستاشدا هەریەك لە تیپەکانی تایکواندۆی کچان و باسکە و فوتساڵی هەیە و، بەرنامەی زیادکردنی تیپەکانی دیکەشی هەیە بۆ ئەوەی ئافرەتانی دهۆك بکەنە یەکێك لە باشترین تیپەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق، لەم بارەشەوە (چریسك یونس) سەرۆکی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی دهۆك بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ئێمە لە یانەی ئافرەتانی دهۆك بەرنامە و پلانی درێژخایەنمان هەیە لەگەڵ هاورێکانمان، بۆ ئەوەی بتوانین باشترین خزمەت بە شاری دهۆك و ئافرەتانی ئەو شارە بکەین، ئەم وەرزە تیپی فوتساڵمان بووە پاڵەوانی کوردستان لە خولی نایابی کوردستان، جگە لەوەی ئێستا تیپی باسکەمان دامەزراندووە و تیپی تایکواندۆش بە هەمان شێوەیە، ئێستاش لە پلانماندایە تیپەکانی کچان زیاد بکەین لە یانەی وەزرشیی ئافرەتانی دهۆك، بەڵام پلانەکانمان هەنگاو بە هەنگاوە، نەك هەمووی بەیەکەوە جێبەجێ بکەین، سەرەتا بۆ هەر تیپێك کە بمانەوێ زیادی بکەین، خۆمان بە شێوەیەکی باش ئامادە دەکەین، ئەوکات تیپەکە رادەگەینین»، سەبارەت بەوەی کە ئامانجیان لەم هەنگاوە چییە، چریسك یونس گوتی: « ئامانجی ئێمە ئەوەیە بتوانین باشترین ئاستی وەرزش لە سەر ئاستی کوردستان پێشکەش بکەین و تیپەکانمان جێگای بایەخ بن، خزمەتکردنی یاریزانانی خۆمان و



# کچانی کەرکووک نەیانتوانی بۆ رانیە یاری بکەن

تیپی تۆپی فوتساڵی کچانی کەرکووك بەنیازی ئەوە بوون ئەم وەرزە لە ریزی یانەی رانیە لە خولی فوتساڵی پلە یەکەکانی کوردستان، شان بە شانی یانەکانی کوردستان شەڕی گەیشتن بە خولی نایابی کوردستان بکەن، بەڵام بڕیارێکی ستافی پێشووی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، کە نابێت هەر یاریزانێك لە یاریگای گەورە یاری کردبێت، لە خولی فوتساڵیش یاری بکات، ئەوانی بێ بەش کرد لە یاریکردن لە خولی پلە یەکەکانی کچانی کوردستان، ئەم کۆمەڵە کچە لەسەر دەستی مامۆستا قاسم جەمیل راهێنەری تیپی فوتساڵی نەفتی باکوور، بوونە پاڵەوانی عێراق لە یاریگای گەورە و، نۆ کچە یاریزانی کەرکووکیش لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق وەرگیراون. لەم بارەشەوە مامۆستا قاسم جەمیل راهێنەری تیپی فوتساڵی نەفتی باکوور، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە کە بووینە پاڵەوانی عێراق، لەگەڵ نەفتی باکوور بڕیاری ئەوەماندا کە لە خولی پلە یەکی کوردستانیش بەشداربین، بەڵام ستافی پێشووی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری ئەوەیان دابوو کە ئەو یاریزانانەی لە یاریگای گەورە یاری دەکەن، نابێ لە یاریی فوتساڵیش بەشداربن، ئێمە بەم کچە یاریزانانەی شاری کەرکووك لەگەڵ یانەی رانیە رێککەوتبووین بۆ بەشداریکردن لە خولی پلە یەکی فوتساڵ، بەڵام دواجار لە بەر ئەم بڕیارە نەمانتوانی بەشداربین لەم وەرزە، جگە لە یانەی رانیە چەند یانەیەکی دیکەش لە هەوڵی ئەوەدابوون کە لەگەڵیان رێکبکەوین، وا بڕیارە وەرزی داهاتوو ئەم بڕیارە چارەسەر بکرێت بۆ بەرژەوەندی یاریزانان، ئێستاش لەگەڵ یانەی نەتی باکوور خەریکی مەشق و ئامادەکارین، نۆ یاریزانمان لە هەڵبژاردەی عێراق داوا کراون و بەشداری دەکەن بۆ پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە لە ماوەی داهاتوودا، بۆ ساڵی داهاتووش بەشداری خولی نایابی کوردستان دەکەین»، سەبارەت بە دواو گرێبەست بۆ تیپەکەیان، مامۆستا قاسم گوتی: «چەند یانەیەکی پلە نایاب لەسەر هێڵن بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ بکەین، هەرچەندە یاریکردنی یاریزان لە هەردوو یاریگای گەورە و بچووك لە عێراق ئاساییە، بەڵام دیارە ئەم بڕیارە پێشتر هەبووە، بۆیە چاوەڕوانی وەرزی نوێ خولەکانی کوردستان دەکەین».



## ـــــــەکانی زیاد دەکات

کچانی کوردستان بە ئەرکی خۆمانی دەزانین، ئافرەتانی دهۆك لە یاریی فوتساڵ ئەم وەرزە بەشداریی خولی نایابی یانەکانی کوردستانی کرد و توانی ببێتە پاڵەوانی کوردستان، ئێمە بەم شێوەیە دەمانەوێ تیپی بەهێز دروست بکەین و ببینە خاوەنی پێگەیەکی بەهێز لە ناو تیپەکانی کوردستان، دەمانەوێت زیاتر خزمەتی وەرزشی ئافرەتان بکەین لە شاری دهۆك و، تیپی بەهێز دروست بکەین بۆ کێبڕکێیەکانی کە دێتە پێشمان، تا ببینە رکابەرێکی بەهێز بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی کوردستان».